# بەڕێز مام
# (الإحسان بالتمام)

حەمەسەعید حەسەن

ئێوە وەک چاکی پیاوانەتان لێ هەڵکردووە و ئەو ئیشە چاکەتان دەست داوەتێ، وەرن ئیشەکە بە تەواوی جێبەجێ بکەن! گومانم لەوە نییە دەزانن، سەددام بێجگە لە ساجیدە، لای کەم سێ ژنی دیکەش شک دەبا. لە بیرمە لە قازانجی ژنان، سووکە دەستکارییەکی یاسای ڕەوشی کەسێتیتان کرد، بۆیە چاوەڕوانی ئەوەم لە ئێوەی ژندۆست هەیە، دەستی سەوزی چاکە بۆ سێ ژنەکەی دیکەشی، بۆ (سەمیرە شابەندەر، خاتوو نیزال و ئیمانی مەلا حەویش)یش درێژ بکەن!

ئێوە دەبێژن: سەددام ساجیدەی دەچەوساندەوە. ئەدی لەگەڵ سێ ژنەکەی دیکەیدا، جوان ڕەوتاری دەکرد؟ ئاخۆ نازانن سەددام هێندە لە دوا ژنی بەتەمەنتر بوو، کە نەک بە کچ، بە کچەزاشی دەشیا! ساجیدە بە جۆری گەمەی بە سامانی نیشتمان دەکرد، کە فەرمحی ژنی شای شایان، خشڵەکانی هەرزانفرۆش کرد، هێندە گران بوون، تەنیا لە توانای دایکی عودەیدا هەبوو، بیانکرێت.

دڵنیام ئێوە گەرەکتانە بە داڵدەدانی خانمی خانمانی عێراق، دڵی دایکی هەموو شەهیدێک، بدەنە بەر تاقگەی شادی، وەلێ بۆ ئەوەی شادییەکە تا سەر بێت، تکایە ئەو دۆستە هاوبەشەی نێوان خۆتان و بنەماڵەی سەرۆکی لێقەوماو ئاگادار بکەنەوە، با بە سێ (هەوێ)کەی ساجیدە خاتوون بڵێت، چی زووترە ڕێی کوردستان بگرنە بەر!

بە مێژووتاندا دیارە، ئێوە لەو جۆرە پیاوانە نین کە لە تەنگانەدا، پشت دەکەنە ژن و منداڵی دۆستانی دێرینیان، بۆیە خاترجەمم ئەم داوایەم ڕەت ناکەنەوە. بەو هیوایەی هەموو ژنانی سەرۆکی گلاو، بێ جیاوازیکردن لە نێوانیاندا، بەم زووانە تێر بە سییەکانیان، ئەو هەوای ئازادییە هەڵبمژن کە ئێوە بە خەباتی درێژخایەنتان، بۆ کوردستانتان دابین کردووە.

جارێکیان بارزانی، بە بەر چاوی کامێراوە، دەستی دایکی شەهیدێکی ڕێی ئازادیی کوردستانی ڕادەمووسی. ئێوە ئەی تاڵەبانی، مەگەر تەنیا بە ڕێزلێنان لە خوشکی (شەهید) عەدنان تەڵفاح و هەوێکانی، تۆڵەی ئەو گۆڵە لەو سەرەکخێڵە بکەنەوە.

2203. 05. 23